ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

ولاتێك بێ ئۆپۆزسیۆن

هەر ناوەندێکی سیاسی کۆمەڵێك گەمەکەری سیاسی هەیە و هەر گەمەکەرێکی سیاسیش هەڵگری ژمارەیەك خەون و بەڵێن و مژدەی تایبەتە، ئەوەش کە شوناسی هێزە سیاسییەکان لەیەکدی جیا دەکاتەوە ئەم خەون و بەڵێن و مژدانەن، ناکرێت باس لەناوەندێکی سیاسی بکەین بەبێ باس کردنی "جیاوازیی" هێزو دیدو بەرنامەی جیاواز، کە هێزەکان لەیەك بچن، گەر جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکرییان لەنێواندا نەبێت، گەر دیدی جیاوازیان بۆ رابردوو ئێستاو تایندە نەبێت، ئەو کات بەهانە بۆ بوون و مانەوەیان لەشێوەی حیزب و رێکخراوی سەربەخۆدا نامێنێتەوە، بەڵام بوونی هێزی جیاواز، بەتایبەتی هێزی خاوەن میلیشیا و چەکدار، پێویستی بەعەقڵییەتی ئیدارەدانی جیاوازییەکان هەیە، ئامادەگی جیاوازیی لەناوەندێکی سیاسیدا کە جیاوازی قبوڵ نەکات، مانی ژیانە لەسایەی مەترسی جەنگ و پێك دادانی بێوێنە و خوێناویدا، ناوەندی سیاسی تەندروست ئەو ناوەندەیە کە جیاوازییەکانی ڕەها نین، پەیوەندییەکانی دوو شەڕانگێزو تۆڵە خواز نین، ناوەندێکە چوارچێوەی یاسایی هەیە بۆ نیشتەجێ کردنی بەڵێن و دیدو خەون و مژدە جیاوازەکان، کەلتوورێکی سیاسی هەیە جیاوازی ناچەپێنێتو ناشهێڵێت بتەقنەوە، ئامادەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بەهاو سوودو قازانجی ئەخلاقی و یاسایی و گشتی ڕێکەوتن ئەنجام بدات،ناوەندی سیاسی تەندروست ناوەندێکە توانای بەراوردکاری و هەڵبژاردنی جیاواز فراوان دەکات، ئەگەری بیرکردنەوە داوەریکردن لەئینساندا گەورە دەکات، ئاسۆی جیاوازو وێنەی جیاواز بۆ ئایندە دەکێشێتو کۆمەڵگا ناچار بەبیرکردنەوە بەرخوردو هەڵبژاردنی بەپرسیار دەکات.

ئەوەی ئەمڕۆکە ناوەندی سیاسی کوردیی ئەنجامی دەدات ڕێك پێچەوانەی ئەو سەرەتاو پرەنسیپە سیاسییانەیە لەباتی پێداگرتنی هەر هێزێك لەسەر خەون و وێنەو بەڵێنە تایبەتییەکانی خۆی پێشبڕکێیەکی گەورە هەیە بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان، هێزەکان لەهەوڵی ئەوەدان جیاوازییەکانیان بشارنەوە و نیشان بدەن لەیەك دەچن، پارتی و یەکێتی، کۆمۆنیستو ئیسلامی، سۆسیالیستو ناسۆسیالیست لەلیستێکدا کۆدەبنەوە بەکۆمەڵگای کوردی "هاوپەیمانێتییەك" نیشان دەدەن کە کەس نازانێت لەسەر چ بناغەیەکی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی و فیکری دروست بووە، هاوپەیمانێتییەك تا دوێنێ لەشێوەی جەنگی ناوخۆ لەفۆرمی ئاشتییەکی ئیفلیجدا حیکایەتی بێباوڕییەکی بێئەندازەو خوێناوی دەکێڕایەوە، بێگومان مەسەلەی چۆنییەتی قۆرخ کردن و دابەش کردنێکی زۆر شەرمنی بڕێك لەدەسەڵات پالنەری هەرە سەرەکی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەم هێزانە چونکە لەیەکدی دەترسن و چونکە ئامادە نین گۆڕانکاری ڕاستەقینەو جەوهەری بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا بهێنن، چوونەتە ئەم گەمە سیاسییە سوریالییەوە، بەڵام ئەم گەمەیە دەربڕی قەیرانێکی قوواڵترو هەمەلایەنتری ناوەندی سیاسی کوردییە کە دەکرێت بە"قەیرانی ئیدارەدانی جیاوازییە سیاسییەکان" ناونووسی بکەین.

کەم میللەت هەیە ئەوەندەی میللەتی ئێمە گۆرانی بۆ یەك بوون و یەکگرتن وتبێت، کەم کەلتوور هەیە وەك کولتووری ئێمە بڕۆکەی یەکێتی و یەکبوون بەرز ڕاگرێت، کەم ناوەندی سیاسی هەیە بەقەد ناوەندی سیاسی کوردی باسی لەگرنگی یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی کورد بکات، کەچی مێژووی سیاسی ئێمە بەدەگمەن نەبێت ساتەوەختی یەکگرتن و یەکبوونی ڕاستەقینەی تیا نەبووە، هۆی سەرەکی ئەم کارەساتە لەوەدایە کەناوەندی سیاسی ئێمە بەرنامەیەکی واقیعی و ڕاستەقینەو بەرپرسیاری بۆ ئیدارەدانی جیاوازییە سیاسییەکان نەبووەو نییە، لەواقیعی ئێمەدا ناکۆکی نێوان خەونی یەکبوون و واقیعی پارچە پارچە بوون تەڵەزگەیەکی مێژوویی دروست کردووە تا ئەمڕۆ هەوڵێکی ڕاستەقینەو بەرپرسیار بۆ چارەسەر کردن و کۆتاییهێنانی لەئارادا نییە.

کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ئەمڕۆکەی کوردستان لەلیستێکی یەکگرتووداً نەك کۆتایی بەم ناکۆکییە مێژوویە ناهێنێتن، بەڵکو لەباشترین دۆخدا بۆ پێنج ساڵی دیکە دوای دەخاتو لەخراپترین دۆخیشدا کۆمەڵێك ناکۆکی و کێشەو قەیرانی نوێ بەرهەم دێنێت کە زەحمەتە لەنێستادا دەرەنجامەکانیان ببینین، لەراستیدا کۆبوونەوەی ئەم هێزانە لەیەك لیستدا هەوڵی پاراستن و لەدەست نەدانی دەسەڵاتی لەپشتەوەیە،نەك ئامادەگی خەیاڵو عەقڵیەتێکی سیاسی نوێ کە دیدێکی تازەی بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی لەکوردستاندا هەڵگرتبێت، کۆبوونەوەی ئەو هەموو هێزە سیاسییە ناکۆك و ناتەبایە لەیەك لیستی هەڵبژاردندا جارێکی دیکە تێکچوونی ئەو پەیوەندییەمان نیشان دەدات، کە لەکوردستاندا بیرۆکەی "جیاوازی" بەبیرۆکەی "لێکچوونەوە" گرێ دەدات. کێ لەکێ دەچێت و کێ لەکێ جیاوازە؟ بناغەکانی لێکچوون و جیاوازی چین؟ بۆ جیاوازییەکان دروست بوون و بۆ ڕۆژگارێکی درێژە بێچارەسەرن و ئێستا چۆن و بۆ وابەتاسانی لەلیستێکدا کۆبوونەوە؟

لەڕاستیدا کۆبوونەوەی ئەم هێزە ناکۆکانە لەیەك لیستدا هێمای ئەوەیە کە ناوەندی سیاسی کوردی نەیاساو نەبەهاو نەئەخلاقیاتێکی ڕاستەقینەی بۆ ئیدارەدانی جیاوازییە سیاسییەکان پێنییە. ئەم جیاوازییانە یان شەڕی خوێناوی دەخەنەوە، یان لاسایکردنەوەیەکی ناشیرینی یەکدی، یان ئاشتییەکی بێمتمانەو ئیفلیج یان ئەم سوریالییەتە سیاسییەی ئەمڕۆکە، لەم ئاستەدا مێژووی سیاسی ئێمە مێژووی ئالۆگۆڕێکی نالۆژیکی و ناعەقڵانی وێنەکانی دۆست و دوژمنە، دوژمنەکانی دوێنێ دەبنە دۆستەکانی ئەمڕۆو دۆستەکانی ئەمڕۆش بەدوژمنانی سبەینێ، هەموو ئەمانەش بەبێ بوونی بنەمایەکی ئەخلاقی و عەقڵانی و واقیعی کە ئەو ئالۆگۆڕە لەپڕو چاوەڕوان نەکراوانە پاساودان بکات.

شتێکی زۆر سەیر نەبوو گەر بەتەنها یەکێتی و پارتی لەیەك لیستی هەڵبژاردندا کۆببنەوە، کۆبوونەوەی ئەم دوو هێزە لەیەك لیستدا چەند نالۆژیکی و ناعەقڵانییە، بەڵام ڕووکاری باش و ڕووکاری خراپیشی هەیە، ڕەنگە سەرەکیترین باشەی ئەم کۆبوونەوەیە ئەوە بێت کە مەترسی پێکدادان و شەڕ دووردەخاتەوە (مەترسییەکی ئێجگار واقیعی و ئامادەو نزیك کە حیکایەتی تراژیدیایەکی سیاسی گەورە دەگێڕێتەوە). لەمەش بترازێت یەك لیستی پارتی و یەکێتی مەودای ئەوەی دەڕەخساند کە خەڵکانێکی زۆر هەلی هەڵبژاردنێکی ئازادیان لەبەردەمدا بێت، کەم نین ژمارەی ئەو کەسانەی لەکوردستاندا لەناچاریدا دەنگ بەیەکێك لەم دوو حیزبە ئەدەن، هەندێك هەر بۆ ئەوەی یەکێتی هەڵبژاردنەکان نەباتەوە، بەبێئەوەی پارتی بن، دەنگ بەپارتی ئەدەن و هەندێکی دیش هەر بۆ ئەوەی پارتی نەیباتەوە، بەبێئەوەی یەکێتی بن، دەنگ بەیەکێتی ئەدەن، یەك لیستی ئەمەی لەکۆڵی خەڵکێکی زۆر دەکردەوە.

خراپەکانی یەك لیستی نێوان پارتی و یەکێتی ئەوەیە کە تێکەڵو پێکەڵییەکی سیاسی ناشیرین دروست دەکات، ناهێڵێت بزانین دوای ١٣ ساڵ حوکم کردن هێزی ڕاستەقینەی ئەم دوو حیزبە لەکوردستاندا چەندە، گەمەی دیموکراسییەت لاوازو کەم خوێن دەکات، لەهەموشیان خراپتر بەردەوامی بەو هەلومەرجە ئەدات کە لەمڕۆدا دوو ئیمارەتە حیزبییەکەی سەروەر کردووە.

ئەوەی مایەی کورت بینی و نامەسئولیەتی سیاسییە بەشداری کردنی یەکگرتوو و کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستە لەو لیستەدا، ئەم هێزانە دەبووایە خۆشحاڵ بونایە بەوەی کە یەکێتی و پارتی بەلیستێك دابەزنو لەهەوڵی ئەوەدا بوونایە متمانەی ئەو خەڵکانە بەدەست بهێنن کە ئامادە نین دەنگ بەپارتی و یەکێتی بدەن.

ئەم خەڵکانەش کەم نین و بەپێی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** نزیکەی ٤٣٪ خەڵکی کوردستانن. ئەم هێزانە لەباتی ئەوەی درێژە بەو گەمە سیاسییە ناشیرینە بدەن کە کردوونی بەبڕا بچوکی پارتی و یەکێتی و سیستەمی "حیزبی سەرکردەیی" لەهەوڵێرو سلێمانیدا سەروەر کردووە، دەبوایە لەسەر خۆئامادە کردن بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك کار بکەن بۆ بەگەڕخستنی ڕای گشتی و کۆتاییهێنان بەو دۆخە سیاسییەی ئەمڕۆ لەئارادایە، سەرکەوتنی ئەم سوریالیەتە سیاسییە کوردستان دەکاتە ولاتێك بێئۆپۆزسیۆن، ئەمەش هەم چاوەڕێکی دەسەڵاتی سیاسی لاوازو هەم ڕای گشتی بێئەرخ و هەم مەسەلەی دیموکراسییەت سەقەتو ئیفلیج دەکات، ئەم سوریالیەتە هەموو ئەگەرێك بۆ گۆڕانی ڕاستەقینە دەکوژێت.

هیرش دەکرێتە سەر بنکەیەکی دەنگدەران

گەرمیان.پ. هاوڵاتی: لە ناوچەی سەعدییەی نزیك جەلەولا چەند چەکدارێکی تۆندڕەو کەڵو پەلی ناوەندێکی دەنگدان دەسوتێنن.

شەوی ١٢/١٠ چەند چەکدارێکی تۆندڕەو هێرشیان کردۆتە سەر قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە بۆ مەبەستی دەنگداندن و نارنوسکردن ئامادەکرابوو. لەئەنجامی ئەو هێرشە کەڵو پەلێکی زۆری قوتابخانەکەیان سوتاندوە.ئەو قوتابخانەیە ناوی نارسیەیەو سەرجەم کارمەندەکانی ناویشی لەلایەن چەکدارەکانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە. کە یارمەتی ئەو پرۆسەیە نەدەن.

ڕێکخراوی خوێندکاری کرانەوە داخرا

سلێمانی، پ. هاوڵاتی: بەتۆمەتی نەبوونی مۆڵەتی کارکردن، ئاسایشی سلێمانی ڕێکخراوی خوێندکارانی کرانەوە دادەخات.

نیوەڕۆی ١٢/١٢ مەفرەزەیەکی ئاسایشی سلێمانی ڕێکخراوی خوێندکاری کرانەوە دادەخەن. لەم بارەیەوە عەمید سەرکەوت حەسەن بەڕێوبەری ئاسایشی سلێمانی لەپەیوەندییەکدا بەهاوڵاتی ڕاگەیاند "سەرتا وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاران خۆیان ناساندووە. پاش ماوەیەك کۆمەڵێك خوێندکار لێیان جیابۆوە لەبەر ئەوەی بڕیان دەرکەوت کەسەربەخۆ نین. دواجار بۆ ئێمەش دەرکەوت کە سەر بەپارتی چارەسەرنو ئەوانیش مۆڵەتی کارکردنیان لەلای حکومەت نییە، بۆیە ئێمە ڕێگەی کارکردنیان پێ نادەین".

بەرپرسێکی ڕێکخراوەکە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بەهاوڵاتی ڕاگەیاند "دوومانگ لەمەوپێش داوای مۆڵەتمان لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەڵام پێیان وتین مۆڵەتتان ناوێت و ئازادن لەکارکردن، کەچی ئێستا داوای داخستنی ڕێکخراوەکە دەکەن".

ئاسن دەبڕێتە تورکیا

سۆران.پ .هاوڵاتی: ماوەیەکە کڕین وفرۆشتنی ئاسن بەهەموو شێوەو قەبارەکانیەوە لەدەڤەری سۆران لەپەرەسەندنایەو پاش تواندنەوەیان بەبازرگانەکانی تورکیا دەفرۆشرێن.

کرێکارێکی خەڵکی سۆران کە لەم بوارەدا کاردەکات بەهاوڵاتی ڕاگەیاند "کارگەکانی نێوان زاخۆ فیشخابور کە ئەم ئاسنانە دەتوێننەوە، دەسەڵاتدارن و دوای تواندنەوەیان دەفرۆشرێن بە ٧٥ دۆلار بە تورکەکان".

لەئاکرێ منالان توشی سکچون و ڕشانەوە دێن

ئاکرێ، پ.هاوڵاتی: ژمارەیەك لەمنالانی شارۆچکەی ئاکرێ بەهۆی خواردنی شیری بایعیەوە دووچاری ڕشانەوە و سکچوون دەبن، هاوڵاتیان ناچار دەبن بەنرخێکی گران جۆرێك لە شیری تریان بۆ بکڕن .

سەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی ئاکرێ بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "ژمارەیەك لە منداڵان توشی نەخۆشی سکچوون هاتوون، بەڵام حاڵەتێکی ئاساییەو مەترسیدار نیە، چونکە منداڵ بە ئالۆگۆڕکردنی شیر ئەو نەخۆشیە دەگرێت.

هەڕەشە لە ئەندامێکی یەکێتی دەکرێت

سۆران، پ. هاوڵاتی: لە هەفتەی ڕابردوودا ناوچەی سیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو ئەو سوپایەی کە لەو دەڤەرەیە، هەڕەشە لەئەندامێکی یەکێتی دەکەن کە دەبێت واز بهێنێت.

ئەم هاوڵاتییە کە ناوی (جەمشید)ەو کەسێکی ناسراوی ئەو دەڤەرەیە، بەناچاری بەڵێننامەی پڕکردۆتەوە کەواز لە یەکێتی بهێنێت. سەرچاوەیەك لە مەڵبەندی ٦ی سۆرانی یەکێتیەوە جەختی لەسەر ڕاستی ڕووداوەکە کردەوە.

لە پەیوەندییەکی هاوڵاتیدا بە لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لقی ناوبراو بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "ئێمە ئاگاداری ڕووداوی لەو چەشنە نینو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین. ئەگەر شتی وا ڕووی دابێت، ئێمە ئیجراتاتی خۆمان وەردەگرین"

کەسێك گوێچکەی پیاوێك دەبڕێت

سلێمانی، پ. هاوڵاتی: لەناوچەرگەی شاری سلێمانیدا کەسێك گوێچکەی پیاوێکی بێ کەس دەبڕێتو بڕی ١٧٥ هەزار دیناری چاپی نوێی لێدەستێنێت.

لاوێکی تەمەن ٢٣ ساڵە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا لەناو چایخانەی جمهوری بە بەرچاوی خەڵکەوە گوێچکەی پیاوێکی تەمەن ٥٨ ساڵەی بێکەسی بڕیو ١٧٥ هەزار دیناری بەزۆر لێستەند.ئەم تۆمەتبارە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێتو تا ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

١٣کەس دەستگیرکران

سۆران، پ. هاوڵاتی: بەهۆی زۆربوونی شارەوانی لە هەفتەی ڕابردوودا ١٣ کەس دەستگیرکران.

سەرچاوەیەك لە شارەوانی سۆرانەوە بەهاوڵاتی ڕاگەیاند کە چەندین بەرپرسی حیزبی و سەربازی جگە لەمانە تەجاوزیان لەسەر زەوی شارەوانی کردووە، بەڵام هیچ ڕێو شوێنێکی یاسایان نەگرتۆتە بەر .

لە پەیوەندییەکدا قائیمقامی سۆران بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "ئێمە بەبێ جیاوازی ئیجراتات لەگەڵ تەجاوز کارەکاندا دەکەین، بەتایبەتی ئێستە ١٣ کەسمان دەستگیر کردووە". دەبارەی نەکردنی ئیجراتات بەرامبەر هەندێك بەرپرسی حیزبی و حکومی قائیمقام وتی "بە هەموو شێوەیەك ئیجراتات دەکەین لەگەڵ هەر کەسو لایەنێکدا".

پۆلیسێك دەکوژرێت

کەرکوك، پ. هاوڵاتی: پۆلیسێکی سەر بە پاسەوانانی پارێزگای کەرکوك کاتژمێر ٤و نیوی دوێنێ سێشەممە کوژرا. ئەو پۆلیسە ناوی سەلاح سەدام بووەو لەلای شاری یاری کەرکوکەوە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە کوژراوە.

لوغمێك دوو هاوڵاتی دەکوژێت

کەرکوك، پ. هاوڵاتی: لەناوچەی تاجلی سەر بەشاری کەرکوك لە ئەنجامی تەقینەوەی لوغمێکدا دوو هاوڵاتی گیانیان لەدەست دا. ئەم ڕووداوە ڕۆژی١٢/١٣ ڕوویداوەو کوژراوەکانیش بریتین لە (هەژار ئیسماعیلو ئیبراهیم زۆراب).

٣٠ بەندکراو ئازاد کران

کەرکوك، پ. هاوڵاتی: ٣٠ بەندکراوی شارە جیا جیاکانی عێراق دەهێنرێنەوە بۆ شاری کەرکوکو لەوێ ئازاد دەکرێن. کاتژمێر چوارو نیوی ١٢/١٣ هێزە فرە ڕەگەزەکان ٣٠ بەندکراویان هێناوەتە کەرکوکو لەوێ ئازادیان کردوون. زیندانییەکان خەڵکی بەسراو ناوچەکانی تری عێراقی تیادا بووەو بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵ ئەو زیندانیانە لە ئەبوغرێبەوە هێنراون بۆ ئەوێ تاوەکو ئازاد بکرێن. تاوەکو ئێستا هۆی هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆئازادکردنیان نەزانراوە.

دوو ئاربیجی ئەنێن بە دوو بورجی ئاسیا سێڵەوە

کەرکوك، پ. هاوڵاتی: شەوی ١٢/١ کاتژمێر ١٠ی شەو لە دوو شوێنی جیاجیای کەرکوکەوە بە ئاربیجی لە دوو تاوەری کۆمپانیای مۆبایلی ئاسیا سێڵ دراوە. بەپێی سەرچاوەکانی پۆلیس ئەو دوو تاوەرە کەوتۆتە ناوچەکانی عروبەو

کاریزمای حیزبو پەراوێزخستنی مەعریفەو زانست

دەکرێت بپرسین ئایا بۆچی ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانە سیاسییەکانی دونیای ئێمە قوڵتر دەبنەوەو چارەسەر نابن؟ ئایا بۆچی ڕەوشی سیاسی کوردستان بەرەو باشتر ناچێت؟ ئایا بۆچی دیموکراسییەت لە گوتارەوە نایێت بەدامو دەزگا؟ ئایا بۆچی بەرپرسو پیاوە سیاسییەکان پابەندی یاسا نابن؟ ئایا بۆچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەزگاو پیاوە سیاسییەکان پیرۆزی زیاتر پەیدا دەکەنو لەجیاتی ئەوەی بۆ زەوی بگەڕێنەوە بەرەو ئاسمان دەچن؟ ئایا بۆچی پاش سیازدەساڵ لە ڕاپەڕین خەریکە ئەزموونی دیموکراسیو ئازادیی ڕاگەیاندن تیایدا پێش ئەزموونەکەی کوردستان دەکەوێتو شێوازی ئەنجام دانی هەڵبژاردنەکەش باشترین نمونەیە.

دەشێت ئێمە لەزەمەنی سیاسی خۆماندا، توشی ڕوداوی گرنگ بینەوەو فرسەتی زۆر لەبارمان دەست بکەوێت بۆ گەشەو بەرەو پێشو پەرەپێدان. بەڵام ئایا حیزبی سیاسی لای ئێمە ئەو پرۆژەیەی هەیە کە بتوانێت بەشێوەیەکی زانستی گونجاو مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا بکاتو قەیرانەکانی چارەسەر بکاتو پلانێکی وردی زانستی هەبێت بۆ ئایندەی کوردستان. بەڵام ئێمە وەك دەبینین قەیرانەکانی ئێمە بەتایبەتی لەدونیای سیاسەتدا، لەبازنەیەکی داخراو دا گیریان خواردووە، لەمەوە دەتوانین بڵێین تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەلای ئێمە نەك ئەزموون نییە، بەڵکو کەڵەکە بوونی قەیرانەکانە، پیاوە سیاسییەکانی ئێمە هەرگیز خاوەنی ئەزموونی سیاسی نین بەڵکو وەکو فەرمانبەرێك وان کە لەبواری سیاسەتدا کاریان کردووە لەبەر ئەوە ئێستا کە دەستیان گەیشتۆتە دەسەڵاتو پلەو پایە، ئەوەندەی تۆ بازرگانێك دەبینی ئەوەندە پیاوێکی سیاسی تەکنۆکرات نابینی، هەر ئەمەش بەناو هەموو پۆستە ئیدارییەکاندا شۆڕدەبێتەوەو ئەمەش مایەی بلاڤبوونەوەی گەندەڵییەکی زۆر کەکەس ناوێرێت باسی کات، لەکاتێکدا کە سیاسەت دەبێتە پیشە، هەرگیز ڕێگە بەکەسێکی تر نادرێت، چونکە بە لەدەست چوونی مانای بێ کاربوونی ئەو بەرپرسە سیاسییە دەگەیەنێت. ئەمڕۆ بواری سیاسەت لای ئێمە بۆتە شوێنی کۆبوونەوەی کۆمەڵێك کەس کە لەبواری زانستو مەعریفەو بیرکردنەوەدا شکستیان خواردووە. ئەگەر سەیری زۆربەیان بکەین نەکەسێکی سیاسی ئەکادیمین، نەزانکۆیان خوێندووە. یان ئەگەر زانکۆشیان خوێندبێ هەرگیز وەك بواریکی پسپۆڕی کاریان نەکردووەو لە ئێستاشدا زۆربەیان کۆمەڵێك کەسی نازانستی و بێتاگا لە گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی دنیادا دەژین. ئەوەش کاتێك بۆت دەردەکەوێت کەقسە لەسەر دیاردەیەکی سیاسی فیکری ڕۆشنبیری دەکەن. زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان، ناتوانن لەزانکۆو ناوەندە زانستییەکان کۆڕێك سازبکەن یان بۆ گفتوگۆ دابەزنە مەیدانی پەیڤییەن و ڕاگۆڕینەوە، لێرەوە سیاسەت لەلایەن ئەم کەسانەوە قۆرغ دەکرێتو تەنانەت لەناوخودی حیزبەکەی خۆشیاندا ڕێگە بەکەسی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو ئەکادیمی نادرێت کە بێنە پێشەوە، چونکە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان لەنەمانی دەسەڵاتو کورسییەکانی خۆیاندا دەبیننەوە لەبەر ئەوە ئەم جۆرە سیاسییانە تەنانەت ئەندامانی حیزبەکەی خۆشیان کردۆتە هۆکارێك بۆ پاراستنی کورسییەکانو کۆنگرەکانیش ئەوەندەی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنەوەی ئەم پاوانەیە نیو ئەوەندە شوێنی گفتوگۆکردن نییە لەسەر کێشە چارەنووس سازەکانو کارکردن بۆ گرتنەبەری پرۆژەیەکی پەرەپێدان لەبەر ئەوە لە ژێر سایەی ئەم جۆرە دەسەڵاتەدا، ؟ هەرگیز پرۆژەیەکی پەرەپێدان لەدایك نابێت کەدنیای سیاسی ئێمە بەرەو باشتر بەرێتو دیموکراتییەتیش ببێتە دامو دەزگایەکی دەستوری مەدەنی، گرفتەکە لە وەدایە کە ئەم ڕەوشەو درێژەدان بە ئەوبارە ناهەمواوارە بەردەوام زیاد دەکات، چونکە هەموو ناوەندە چالاکەکانی حیزبو حکومەت ئەم جۆرە سیاسیانە تەنانەت ئەندامانی حیزبەکەی خۆشیان کردۆتە هۆکارێك بۆ پاراستنی کورسییەکانو کۆنگرەکانیش ئەوەندەی کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنەوەی ئەم پاوانەیە نیو ئەوەندە شوێنی گفتوگۆکردن نییە لەسەر کێشە چارەنوس سازەکانو کارکردن بۆ گرتنەبەری پرۆژەیەکی پەرەپێدان لەبەر ئەوە لە ژێر سایەی ئەم جۆرە دەسەڵاتەدا، ؟ هەرگیز پرۆژەیەکی پەرەپێدان لەدایك نابێت کەدنیای سیاسی ئێمە بەرەو باشتر بەرێتو دیموکراتییەتیش ببێتە دامو دەزگایەکی دەستوری مەدەنی، گرفتەکە لە وەدایە کە ئەم ڕەوشەو درێژەدان بە ئەوبارە ناهەمواوارە بەردەوام زیاد دەکات، چونکە هەموو ناوەندە چالاکەکانی حیزبو حکومەت ئەم جۆرە سیاسیی